## ڕوونكردنەوەیەك لە وەزارەتی

## كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانەوە ...

ڕۆژی2006/9/14 لە هەولێری پایتەختی كوردستاندا وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان كۆنفرانسی پڕۆژەی یاسای خانەنشین كردن و ئیمتیازاتی كەس و كاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانی كوردستانی سازدا .

پاش ئەو كۆنفرانسە لەرۆژنامەی كوردستان راپۆرت ژمارە (76) سالّی یەكەم، یەك شەممە 24 ی ئەیلوولی 2006 هەوالّێك بلاّوكراوەتەوە، كە بەرێز كامیل عەبدولقادر وەیس هەوالّەكەی داوەتە پەیامنێری هەلّەبجەی شەهیدی ڕۆژنامەی ناوبراو كەتێیدا هاتوە وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان شەهیدانی هەلّەبجەیبەشەهیدی (صدفە) ناوبردووە،ودواتر رۆژنامەی جەماوەر لە ژمارە194 ی رۆژی 2شەممە 2006/9/25 نوسینێكی بلاّوكردۆتەوە كە (نوسەرەكەی) كامیل عەبدولقادر وەیسەو لە میدیای ژمارە 259 ی 2006/9/26 بەرێزێك بە رێكەوت هەوالّەكەی بیستوە و كردویەتی بە گۆشەیەك !!

بۆ ڕاستكردنەوەی ئەم هەوالّە و بۆ هەموو ئەو شتانەی كە كەسانێك لەملاو لەو لا دەیانرۆژێنێ، وتەبێژی فەرمی وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانەوە ئەم لێدوانەی دا :

**بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی كورد لە قۆناغەكانی سەرەتاوە بۆ گەشتن بەوەی ئەمرۆ لە سایەیدا دەژین هەزارەها شەهیدی داوە و بە هەزارەها گوند و شارۆچكەی وێران كراوە، پاش ئەوەی خەباتی گەلەكەمان هاتە بەرهەم و ئێستا خاوەنی پارلەمان و حكوومەتی خۆمانین و لەو پرۆسەی یەكخستنەوەیەی مالّی كورد لە پێكهاتەی حكوومەتی تازەدا وەزارەتێك بۆ خزمەتكردنی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفال و كیمیابارانەكانی كوردستان دروستكرا.**

**سەرەتای دەسپێكی كاری ئەم وەزارەتە هەنگاوێكی خزمەتگوزاریانە بوو بۆ ئەوەی باری ژیان و گوزەرانی خێزانی شەهیدان باشتر بكات بۆیە لەو كۆنفرانسەی ڕۆژی2006/9/14دا پرۆژەی ئەو یاسایە خرایە بەر باس و لێكۆلّینەوە كە بۆ خانەنشین وئیمتیازاتی كەس و كاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانی كوردستان و دەولّەمەندكردنی یاساكە.**

**ئەوەی مایە سەرنجە كە كەسێك لە نێو ئەو گفتوگۆیانەدا نەیتوانیبێت تەنیا بڕگە و خالّێك بە شێوەیەكی زانستی گفتوگۆ بكات و ڕستەیەكی دروستی لەو گفتوگۆ یانەدا نەبوبێت پاشان بۆپەیامنێران قسە بكات وببێتە نووسەر و وتار بنووسێت.**

**ئەوەی لەمیانی ئەو گفتوگۆیانەدا باسكرا جیاوازی مووچەی شەهیدانی سەنگەرو**

شەهیدانی هاولاتی بوو بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکانیش لە وەلآمدا گوتی: ئەوەی هەیە لەسەر مووچەی شەهیدەکان و  پلە کانیان دانراوە، شەهیدێکی سەنگەر کەخۆی مردنی بۆ خۆی هەلبژارەوە ئیمتیازاتی جیاوازە لە شەهیدێکی هاوولاتیی کە بە(صدفە) فرۆکە لێی داوە و شەهید بووە.

ئەمە لۆژیکە، ناکرێت کەسێك لە سەنگەری بەرنگاریدا شەهید بوبێت لە ڕووی ئیمتیازاتەوە هەمان مامەلەی لەگەلدا بکرێت وەك کەسێك ژیانی ئاسایی گوزەراندوە و لە نێو مالّ و مندالّی خۆیدا بە نموونە گوللەیەکی وێلّ بەریدەکەوێت، وەزارەت حسابی بۆ ئەوانەش کردووە و ئەوانیش ئیمتیازاتیان دەبێت و ئەوەش بە یاسا دیاردەکرێت  لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێنمایی و بڕیار و پۆلێنکردنانەی کە پێشتر لە هەردوو دەزگای شەهیدانی هەولێر و سلێمانی پەیرەوی لێکراوە نەك بە عاتیفە بیر لە مەسەلەکان بکرێتەوە و کەسانێك بیانەوێت ئەو نەهجەی وەزارەت ڕاگرن کە ئامادەی کردووە بۆ خزمەتکردنی بنەمالەی شەهیدان و ئەنفال و کیمیا بارانەکان.

هەق وایە هەمووڵایەك ئەوە بزانین کە تەنیا لە ڕێگەی چالاکی و کاری ڕێکخراوەیی دروستەوە دەتوانین بوونی خۆمان بسەلمێنین نەك قسەو و نووسینی ناڕاست و لە پالّیدا چەندین  سیفەت ڕیز بکەین یان سەیر لەوەدایە خەلّکێك دوورو نزیك ئاگاداری ئەو کۆنفرانسە نەبووە گۆشەی سەیر و سەمەرە دەنووسیّ و کاکی گۆشە نووس ئاگاداری ئەو کۆنفرانسە نییە و بەلێدوانی ڕۆژنامەنووسی باسیدەکات !!!

دیاردەیەکی تەندروستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان چاودێر بن بەسەر کاری وەزارەتەکانەوە بەلآم کەسێك ئاگاداری بابەتەکان نەبێت چۆن حوکمی پێشوەختە دەدات !!؟؟

ئەو بەڕێزە ئاگادار نییە لەوەی ئەوەی بەرێزیان باسیدەکات کۆنفرانس بوە نەك کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی!!

دوا جار بۆ ئەوەی هەمو ئەوانەی لەملا و لەولا وەخۆیان خەریك کردووە بە نووسینی بێبەلّگەوە دلّنیایان دەکەینەوە  کە ئەو قسانە بە هیچ جۆرێك لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان ساردمان ناکاتەوە و  بەردەوام دەبین لە خزمەتی بنەمالّەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفال و کیمیا بارانکراوەکاندا و ئەوانە تەنیا بۆ خۆ دەرخستن بەو لاوە هیچی تریان نییە و هەمووی قسەی بیّ بەلّگەن و کەسیش قسەی بیّ بەلّگە بە هەند وەرناگرێت.

anfalushahedan@gmail.com